# مان گرتن و خۆراگری زیندانییە سیاسیەکانی سنە

* ژیانی دوازدە زیندانی سیاسی کورد لە مەترسی دایە.

* کەس و کاری زیندانییەکان یان گیراون و یانِ بۆ ئەوەی بە دەست پۆلیسەوە نەبن، رایان کردووە و خۆیان شاردوتەوە.

* خەلکی سنە هاوپیوەندی خۆیان دەگەل زیندانییەکان رادەگەینن.

لە ماوەیەك لەمەو بەرەوە ۱۲ کەس لە زیندانییە سیاسیەکانی زیندانی پۆلیسی شاری سنە (کوردسان) بۆ پروتیست لە دژی ئاکاری جانەوەرانە ودرانە و دژی قانوونی کاربەدەستانی زیندان ونەبوونی هیچ چەشنە کەل و پەل و ئیمکانیکی پاك و خاوینی و سلامەتی و هەر وەها لە مەترسی دابوونی ژیانیان نارەزایی خۆیان دەربریوە و زۆر جارچ بە قسە وچ بە نووسین شکایەتیان لە بەریوەبەرانی زیندان وعەدلییە کردووە. بەلام هیچ کەس و هیچ کاربەدەستیك بە دادی وان رانەگەیشتووە. لە رۆژی ۲ی پووشپەر (ژوئەنی ۷۸) زیندانییەکان بۆ پروتیست لە دژی ئەو وەزعە دەس بە مان گرتن لە خواردن دەکەن و رادەگەینن تا جی بە جی کرانی تەواوی



PDF skapad med pdfFactory demo version, registrera dig på www.jsk.nu

داوخوازەکانیان ،دریژە بە مان گرتن دەدەن . کاربەدەستانی عەدلییە و پولیس تەك هەر توزقالیکیش سەرنج نادەنە سەر وەزعی وان بەلکوو بو ئەوەی دەنگ و باسی مان گرتنەکە بلاو نەبیتەوە ریگای چاوپیکەوتن ویەکتر دیتنی زیندانییەکان وکەس وکاریان بە تەواوی دەگرن . ژن و مندال و خاو وخیزانی زیندانییەکان بو ئەوەی کاربەدەستانی عەدلییە بە دادیان رابگەن دەچنە ئەو دایرەیە و لە کوریدوری هودەی مودەعی عام و لە سەر پلیکانەکانی خانووی عەدلییە هەل دەتروشکین . مودەعی عام داوای چاوپیکەوتنی نوینەری خاووخیزانی زیندانییەکان هەر بە بیانووی ئەوەی کە کابرا بەرگی کوردی دەبەردایە وەدوایە دەداتەوە و بەو پەری شوورەیی و بی شەرمیەوە دەلی :"کەسیکی وا بو وت و ویژ بنیرنە لای من کە شتی لی حالی بی " . مەبەستی بەریزیان ئەوە بووە کە هەر کەس بەرگی کوردی دەبەر دابی هیچ تی ناگا و بو ئەمە ناشی قسەی دەگەل بکری .

پاش ئەو سەرەقی یە و سووك بزووتنەوەی مودەعی عام ،مەئموورەکانی پولیس بی ئەوەی بە خویان دا بشکینەوە بە باتووم دەگیانی پەنابەرەکانی بەر عەدلییە بەر دەبن و لە شوینی بەناوعەدل و داد دا رەهەندەترین دیاردەی بیدادی لە دژی ئەو کوبوونەوە ئاشتی ـ خوازانەیە دەردەبرن . ژن و مندال و خزمی زیندانییەکان پی یان دەلین ولامی داد خوازی ئیمە بە باتووم و زەبر و زەنگ نادرێتەوە بەلام مەئموورەکان لە ئاکاری جانەوەرانەی خویان دەس بەردار نابن و بەزور مەردمەکە لە سەرسەرای عەدلییە وەدیوی دەری دەنین . ئەو کردەوەیە دەبیتە هوی پروتیستی ئەو کەسانەی وا لە سەر پلیکانەکانی خانووی عەدلییە هەلتروشکابوون و لە حاست ئیعتیرازی وانیش مەئموورەکان لە ئاکاری نائینسانانەی خویان دەس ناپاریزن و تەنانەت کار دەگاتە تەقە کردن لە خەلکی بی پەسیو وپەنا . ژمارەیەکی زور لە خاو وخیزانی زیندانییەکان وخەلکی ئاسایی بریندار دەبن . دوای ئەو کارەساتە شەپولی توورەیی سەرانسەری شاری سنە دەتەنیتەوە و لە میتینگیك دا کە پیك دی



PDF skapad med pdfFactory demo version, registrera dig på www.jsk.nu

بریاریکی گشتی لە دژی ئەو کردەوە جانەوەرانەیەی مەئموورەکان پەسند دەکری . بە تاوانی ئیعتیراز لە دژی ئاکاری مەئموورەکان ژمارەیەکی زور لە خەلك دەگیرین و ئیستا ٢١ کەس لە کەس و کاری زیندانییە سیاسیەکان دەروان بە دادگای عەسکەری .

دەستەیەك لە خزم و کەس و کاری زیندانییەکان چونکوو لە شاری سنە تەنا نەت دەرەتانی ناردنی تیلیگرافیشیان بو کاربەدەستانی ترنایی رادەکەنە تاران و لەویوە تیلیگرافیکی زور بو کارگیرە جیاوازەکان دەنیرن و لەو تیلگرافانە دا باسی ئاکاری جانەوەرانەی مەئمووران دەکەن و داوای پەی راگمیشتن دەهیننە گوری . بەلام تاکوو ئیستا روژنامە دەولەتییەکان تەنانەت دەنگ و باسیکی کورتیشیان لە مەر ئەو کارەساتە بلاو نەکردوتەوە . زیندانییەکان هەروا مان گرتنی خویان دریژە پیدەدەن و چلونایەتی وەزعی وان روون نییە . هیچ کەس هیچ ئاگای لە مەر چارەنووسی وان نییە چونکوو کەس و کاری زیندانییەکان یان بوخوشیان گیراون و یان لە ترسی گیران وئەشکەنجە کران رایان کردووە . خولی مەرگ هەروا بە سەر هەموو مەلبەندی کوردستان دا کراوە و قوفلی بیدەنگی لە هەموو زار و زمانان دراوە .

## ئیعتیراز نامەی حاکمی شەرعی کوردسان (سنە) بو مودعی عام

دوای کارەساتی هیرشی جانەوەرانەی مەئمووورانی ریژیم بو سەر خەلکی بی پەنا وبەسیوی سنە ئاغا ئەحمەدی موفتی زادە حاکمی شەرع و موفتی کوردستان نامەیەکی لە میژووی ١٨ی پووشپەر ( ژووئییەی ٧٨ ) دا بو مودعی عامی کوردستان ناردووە . لەو نامەیە دا لە دژی ئاکاری جانەوەرانەی مەئمووورانی پولیس ئیعتیراز کراوە . لە نامەکەدا باس کراوە کە : هیندیك خەلك بە هوی وەك " داوای مافی ئاسایی خویان " لە زیندانی پولیسی سنە دا راگیراون ! ئەوانە بو نەمانی ئەشکەنجەی ئینسان کوژ و هەلوەشاندنەوەی حوکمی بی بەش بوون لە پاك و خاوینی و سلامەتی و روژنامە و رادیو . . . . . و . . . . . چارەیەك

نابینەوە مان گرتن لە نان خواردن نەبی ( کە لەوانەیە برسیتی و کزی ئەوان ، ببیتە هوی ، بزاوتنی هەستی بەزەیی زالمان ! بەلام حەیف . . . . : ـ اشك كباب موجب طغيان آتش‌است ! ـ فرمیسك هەلوەراندنی کەباب دەبیتە هوی زیاتر هەلچوونی ئاگر ! )

برایان و خوشکان و بابان و دایکانی ئەوان ، ئەوەندە "خائین و ئاژاوەگیر" بوون کە دلی ساحیب خیویان نەی توانیوە ئوقرە بگری و گیان دانی مندال و برایان لە ژیر ئازار و ئەشکەنجە دا ببینن ! بەلام ئەوان دەبی چ کاریك بکەن و بە چ ریگایەك دا دەتوانن حەول بدەن کە ـ لە جیاتی ئەوەی تاوانی ئاژاوەگیرانیان وەپال دری ـ بو رزگاری گیانی خوشەویستانی خویان کە مەترسی مەرگ و نەمان هەرەشەیان لی دەکا قازانجی هەبی ؟ چ ریگایەك بو داد خوازی هەیە کە لە جیاتی مەحکووم بوون بە زیندان و تەعزیب ، بتوانی بو کەمتر کردنەوەی مەینەت و کەسەری جەرگ و هەناوە بەندکراوەکانیان ئەسەریکی هەبی؟ . . . ؟ . . . . !

لەو ولاتە دا ، لە رابردوو دا " خو دەمال هاویشتن و پەنا نشینی "باو بووە ، و تەنانەت جینایەتکاری پیاو کوژیش ، خوی دەمالان هاویشتووە و ئەمانی دراوەتی . . . . ئەوە دەبیتە دەروویەکی هیوا . . . و سەبارەت بەو پیشینەیە ، خەلك دەچنە مالی عەدل و داد ( عەدلییە ) و پەنا دەبەنە بەر ئەستینەرەوەی مافی زولم لیکراوان ( مودەعی‌عام ) ، و لە دالانی عەدلییە بە دلی پر لە پەژارە و خەفەتەوە ، و بە چرو چاوی داهیزاو و مەینەت بارەوە ( بەلام هیندیك هیوادار کە : ئیرە عەدلییە یە ، و لە مالی عەدل و داد مودەعی عام بە دەردی وان رادەگا ) پەنا نشین دەبن ، بەلام نەك بو باوەخوون بوونەوەی جینایەتکار ، بەلکوو بو رزگاری گیانی ئازیزانیان لە چنگ ئازاری جینایەتکار ! !

بە بەرچاوی مودەعی عامە وە ( ولەوانەیە ، بە رەزایەتی خوشی ) ، "جیبە جیکەرانی



PDF skapad med pdfFactory demo version, registrera dig på www.jsk.nu

عەدالەتخانە " دەکەونە گیانی دادخوازان و بە لیدان و بە زیندان ، ولامی دادخوازی وان دەدەنەوە !!!

ئاغای موفتی زادە لە کوتایی نامەکەی دا پرسیار دەکا :

ئایا خەلك مافی ئەوەیان هەیە کە لە " ئیسلامی بوونی " ئەو ولاتە دا و لە دروست بوون و بە بنج و بەست بوونی ئەو هەموو شاپە و گاپە و خورانانەی کە لە مەر " گەل خوشەویستن " دەکری " هیندیك " دە شك دابن ؟ ! وعەدلییەشربە داو ودەزگایەکی نزم و دژی گەل دابنیین ؟ تکایە ولام بدەنەوە .

---

* * * بریاریك کە لە لایەن خەلکی سنەوە پەسندکراوە * * *

---

ئیمە مەردمی شاری سنە بە گشتی و رووناکبیران ( ماموستایان و مووچە خوران ، خویندکاران و قوتابیان ) بە تایبەتی ئەو پەری خەفەت و بیزاری خومان لەو کارەساتەی کە روژی شەمو ١٧ی پووشپەری ١٣٥٧ هەتاوی ( ژووئییەی ٧٨ ) قەومارادەگەیینین .
ئیمە لەگەل ئەوەی کە شووشە شکاندن و تیکدان تەئیید ناکەین ، کردەوەی دلرەقانە و لە خورایی پولیس کە بە لیدان و تەقەکردن لە خەلك بوو بە هوی دنەدانی وان و لە نەتیجەی ئەو کارە دا هەل و مەرجیکی ناخوشی پیك هینا مەحکووم دەکەین .

لە کاتیك دا کە میللەتی ئیران لە سایەی خەباتی بە حەقی خوی دا روژ لە دوای روژ پتر ئازادییە زەوت کراوەکانی خوی دەستینیتەوە و دەگاتە مافی پیشیل کراوی خوی ، کاربەدەستانی ریژیم هیشتا بە شیوەیەکی جانەوەرانە دەگەل خەلك دەبزوونەوە . و ئەو کردەوەی ئەوان جوولانەوەی ئارام و دروستی سیاسی خەلکی لە ریبازی خوی لادەدا و وایان لی دەکا لە حاستی وان دیفاع لە خویان بکەن .

لە سەرەتای بەیاننامەی جیهانی مافی مروڤ دا واهاتووە کە لە ئەساسەوە دەبی مافی



PDF skapad med pdfFactory demo version, registrera dig på www.jsk.nu

ئینسانی بە هوی جی بە جێ کردنی قانوون بپاریزدری تاوەکوو بنیادەم وەکوو ئاخرین چارەیەك وای لێ نەبە کە لە دژی زولم و زور راپەری .

هەموو دەزانن کە زیندانییە سیاسیەکانی شاری سنە لە بەر وەزع و چونیەتی لەوزەبەدەری ناو زیندان و بێ بەشی لە هەموو ئیمکان و دەرەتانیکی سەرەتایی وەکوو ، خوراك ، پاك و خاوینی ، حەمام ، و ئاکاری نائینسانی زیندانەوانەکان و هتد ماوەی دوو حەوتووە مانیان لە خواردن گرتووە .

خاو و خیزانی مەینەت باری زیندانییەکان بو رزگاری گیانی ئەوان پەنایان بردە بەر عەدلییە ( ئەو بەناو بنکەی عەدل و دادە ) . مودەعی عام لە ولامی داوخوازە قانوونی و هیمنانەکانی ئەوان دا کوتی : "برون دەنا داوای یارمەتی لە هیزی چەکدار دەکەم" .

مودەعی عام بو شەری چ کەسانیك هیزی چەکدار بانگ دیلی؟ مشتیك ژن و پیاو و مندالی دادخواز و بێ پەناو پەسیو کەرەك بو کوی چوویان جگە لە دادگا؟ پولیس لە بنکەی عەدالەت دا دەگیانی خەلکی بێ سووچ و تاوان رو هات و ئەوانی بەزوری لیدان و هەرەشە و تەقە تا قورتەی مالەکانیان تاودا . و هیندیکیشیانی بە زەبری کوتەك و چوماغ بردە دایرەکانی پولیس و لە زیندانی کردن . داخوا ئەمە پیشیل کردنی قانوون لە جلو پەلاسی پاریزەری قانوون دا بوون نییە ؟ لە چ شوینیکی دنیا ولامی دادخوازی خەلکی بێ پەنا بە لیدان و ریژەوی گوللە دەدەنەوە ؟

ئیستا کە زیندانیانی مانگرتوو لە سەرە مەرگ دان و کەس و کاریان سەرکوت کراون و گیراون ئیمە زور بە گورجی جی بەجی کرانی ئەو داوایانەی خوارەوە داوا دەکەین :

١ــ کوتایی پیدانی مان گرتنی زیندانییەکان و پیش گرتنی مەرگ و فەوتانیان .

٢ــ ریز گرتن لە داوخوازە قانوونییەکانی ئەوان و جێ بە جێ کردنی داواکان .

٣ــ پیدانەوەی مافی ئینسانی زیندانییە سیاسی یە و ئاسایییەکان و دابین کردنی شوینیکی ساغ و ئینسانی بو ئەوان و پاراستنی قانوونی مافی مروڤ لە مەروان . ...



PDF skapad med pdfFactory demo version, registrera dig på www.jsk.nu

٤ ـ دەرمان کردنی دەس بەجێی تەواوی مان گرتووەکان کە لە باری لەشساغیان دە مەترسی دایە .

٥ـ بەر دانی تەواوی ئەوانەی وا لە کارەساتی ڕۆژی شەمو ١٧ی پووشپەر گیراون .

٦ ـ لێپرسینەوە و تەعقیبی ئاکاری ئەو مەئموورانەی کەبوونە هۆی کارەساتی پڕ لە داخی ئەو ڕۆژە .

ئێمە تادە ستوێراگەیشتنی نەتیجەی دوایی لە مەر ئەو داوخوازانەی سەرەوە بە شێلگیری دەمێنینەوە و دەستەودامێنی تەواوی ڕێکخراوەکانی میللی و ناونەتەوایەتی دەبین . دیارە هەر چەشنە چاو هەڵبواردنێک لەو داوایانەی سەرەوە کە ببێتە هۆی مەرگی زیندانییەکان جینایەتێکە وەباڵ ئەستوی کاربەدەستانی مەسئوول و گەرەک ولامدەری ئەو کردەوە جانەوەرانەی خۆیان بن بەرامبەر بە خەڵك و قانوون . وەهەر وەها ئەگەر هاتوو ئەو داوایانە دەس بە جێ جێ بە جێ نەکرێن و بەر و بووی ئەو وەزعە ببێتە هۆی ڕەدفیعلی ڕق و توند و تیژی خەڵك ، دیسان وەباڵی هەر بە ئەستوی کاربەدەستە مەسئوولەکانە . ـ کێن ئەوانەی زیندانیـــان کردوتـــە چاڵاوێکـی تارێك و ڕەش؟

ئێمــــە لە مافـــی پێشێل کراوی زیندانییەکان دیفاع دەکەین .

" بازاڕیـــەکان ـ مامۆسـتاکان ـ خوێندکاران ـ قوتابیـــــــانـــی

ســـــــنـــــــە ،ســـــــقـــز و مـــــەریـــوان "

داواکـــــانـــی زیندانییەکانی سیاسی سـنە

١ ـ نەمـانـی ئەشکەنجـە .
٢ـ باشتر کردنی وەزعـی پاك و خاوێنی و لەشساغی لە زیندان دا .
٣ـ زیدە کردنـــی ئەو ڕۆژانـــەی کە زیندانییەکان ماوەی حەمام کردنیان هەیە .
٤ـ باشتر کردنـــی وەزعـــی خۆراك لە باری چەندی و چـونـــی



PDF skapad med pdfFactory demo version, registrera dig på www.jsk.nu

٥ ــ زیدە کردنی ماوەی هەواگورین لە دەرەوە لە روژدا .

٦ــ مافی دەکارکردنی رادیوی دوو شەپولەی هی خویی

٧ــ ئازاد کردنی هاتنی روژنامە و چاپە مەنییەکانی ناوخو بو زیندان

٨ــ مافی دەکارکردنی جرای چیشت لینان بو گەرم کردنەوەی چیشت

٩ــ ئیجازەی چاوپیکەوتنی کس و کار

١٠ــ ناردن وسەردانی دوکتور لە زیندان .

١١ــ پیشگرتن لە سووکایەتی پی کردن و تعدا کردن لە زیندانییەکان

ناوی ئەو زیندانیانەی والەزیندانی سنە دا مانیان گرتووە

١ــ فوئادی ستەفای سولتانی

٢ــ عوسمانی روشنی توودە

٣ــ هووشمەندی روشنی توودە

٤ــ توورمجی میرزایی

٥ــ تەییبی روحولابی

٦ــ رەزا پوور میرزا

٧ــ پەرویزی قەبتانی

٨ــ محەممەدی شاسواری

٩ــ محەممەدی کەعبی

١٠ــ محەممەدی شافیعی

( ناوی دوو کەسەکەی تر بەدەستەوە نییە )

* ئەو معلووماتە لە گوڤاری ( بسوی آزادی ) ــ بەرەو ئازادی ــ ژمارەی ٤ گەلاویژی ١٣٥٧

* ( ژووئیە ــ ئووتی ٧٨ ) را وەرگیردراوەتە سەر زمانی کوردی

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

کومیتەی پاریزگاری دەسکەوت و پرینسیپی

کومەلەی خویندکارانی کوردستان لە دەرەوەی ولات

سوید

سیپتامبری ٧٨

PDF skapad med pdfFactory demo version, registrera dig på www.jsk.nu